# کاتێك خەڵکی کەرکوك دەبنە سوتەمەنییەکی هەمیشەیی و ئامادەبەدەستی شەڕەکان

زانا عەول
خوێندکاری زانکۆی سلێمانی



قەت بێبەش ناکرێن، لەهەموو قوناغە سیاسییە جیاجیاکان وشەڕەکانی ئەم چەند دەیەی دواییدا خەڵکی کەرکوك لە زەرەر و زیانەکان بێبەش نەکراون. بەر لە ڕاپەرین ئەنفال و کیمیاباران وڕاگواستن چونکە حکومەتی ئەو کات پێیوابوو ئەوانن هۆکاری ئەوەی کە خەریکە کەرکوك دەبێتە شارێکی کوردیی و دوای پرۆسە ڕاگواستنی پێچەوانە و تەحقیرکردن و ناشرینکردن و بێکارکردن چونکە حکومەتی ئەمکات پێیوایە ئەوانن هۆکاری ئەوەی کە کەرکوك نابێتە شارێکی کوردیی .

خەڵکی کەرکوك بە تەواوەتی لە دەستی رژێمی بەعس بێزار بووبوون ،لەخۆایان دەویست ئەو ڕژێمە بڕوخێت و ڕزگاریان بێت لەو ژیانە پڕ لە ناخۆشی و مەینەتییە . ئەو ڕووخا و کەچی ئەم ( هەر ئەم ) ڕزگاری نەبوو.

دوای ئەوەی کە ڕێژەیەکی زۆری خەڵکی کەرکوك ڕاگواستران بۆ شارەکانی تری کوردستان و نیشتەجی بوون لەو شارانە و بە تەواوەتی جێی خۆیان گرتبوو و ڕاهاتبوون لە گەڵ ژیان لەو شارانەدا، بەتەواوەتیٚتێکەڵ بووبوون لەگەڵ خەڵکی شارەکانی تری کوردستاندا. بەڵام بە داخەوە هەر لەگەڵ ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس دیسانەوە دژایەتیکرنی خەڵکی کەرکوك دەستی پێکرد.

ئەم جارەیان لەلایەنی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە و بەتایبەتی لە ژێر دەسەڵاتی یەکێتی دا لەسلێمانی .

دیسانەوە ڕاگواستنی زۆرە ملێی خەڵکی کەرکوك بە بیٚ هیچ قەرەبویەك دەستی پێکردەوە.

بەناوی ئەوەی کە کەرکوك خۆماڵی دەکەن بە نانبڕین و بێکارکردن و بایەعی بڕین کوردی کەرکوکیان ناردەوە تا لە "مەلعەبەکە"دا ببنەوە تۆپی فوتبۆڵ لەشارەکەدا.

لەسلێمانی دەستیان کرد بە دەرکردنی فەرمانبەرانی خەڵکی کەرکوك لەهەموو فەرمانگەکانی سلێمانیدا ،ئەمە بەبیٚ ئەوەی بتوانن لە فەرمانگەکانی کەرکوك دایانمەزرێنن .چونکە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هیچ شێوەیەك دەسەڵاتی نییە لە کەرکوکدا تا بتوانێت ئەو فەرمانبەرانە لە فەرمانگەکانی کەرکوك دا بمەزرێنێت . چونکە کەرکوك لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزیدایە . هەندێك لەو فەرمانبەرانە کە دەرکرابوون مانگانە بۆ ئەوەی مووچەکانیان بۆ خەرج بکەن لە نەخۆشخانەی خێرخوازی کە ناسراوە بە (نەخۆشخانەی شۆرش)لە کەرکوك دەوامیان پێدەکەن. ئەم نەخۆشخانە یە لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە .ئەو فەرمانبەرانە دەوامیان پێدەکرێت بەس دەوام بکەن. بۆیە سەیری بواری پسپۆرییان ناکرێت . بۆ نموونە دەرچووی پەیمانگای تەکنیکی دەناسم لەچێشتخانەی نەخۆشخانەکە پۆستی وەرگرتووە. نەك هەر ئەمە بەڵکو زۆر دەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکانیان ناردەوە و کلۆڵکران و کران بە حەرەسی بەردەرگای مەڵبەندەکانیان.

ڕۆژانە لە شاری کەرکوك چەندەها تەقینەوە دەبێت وە چەنان کورد لەو شارەدا دەکوژرێن . ڕۆژانە چەنان پیاو و ژن و منداڵ بەبیٚ تاوان تیادەچن. بۆیە چەندەها خێزانی کەرکوك و شارەکانی باشور ڕویان کردووەتە کوردستان. حکومەتی هەرێمی کوردستان چەنان بڕیاری تەعەسوفیانەی دەرکردووە. لەوانە: بە هیچ شێوەیەك تاپوی هیچ زەوی و زارێك لەسلێمانی دا ناکرێت بەناوی (کوردی شاری کەرکوك)ەوە .

حکومەت بڕیاری دەرکردووە کە بەهیچ شێوەیەك نابێت خەڵکی شاری کەرکوك لە فەرمانگە حکومییەکانی سلێمانی دا دابمەزرێنرێن. لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی خوێندکاری هەموو شارەکانی تر وەردەگرن تەنها خوێندکاری شاری کەرکوك نەبێت ئەم بڕیارانە جیاوازییکردنێکە لەنێوان هاڵاتیاندا و دژ بە کورد دەکرێت کە نموونەکەیمان تەنها لە سەر دەستی حکومەتی کۆنی عێراق چەشت لە کەرکوکدا.

خەڵکی بەئەسڵ کەرکوکیی دانیشتووی سلێمانی کاتێك ڕوو دەکەنە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی پێیان دەڵێن: (بەهیچ شێوەیەك خوێندکاری شاری کەرکوك وەرناگرین بە فەرمانی مام جەلال "خۆی" !! ) حەقە لێرەدا بپرسین ئایا خوێندکار ومنداڵانی کەرکوکیش مافی خۆیان نییە وەکو منداڵانی شارەکانی تری کوردستان بە ئازادی و سەربەستی بژین؟خوێندکاری شارەکانی تر وەردەگرن و تەنها خوێندکاری کەرکوك وەرناگیرێت! دەشیانەویٚ بڵێن کەرکوك کوردستانە.

ئاوا پاداشتی خەڵکی کەرکوك دەدەنەوە لە کاتێکدا کە زۆرینەی خەڵکی گەرمیان بە تایبەتی خەڵکی کەرکوك لە پێناوی شۆڕش دا بە سەر وماڵەوە تیا چوون . ئایا ئەم دژایەتییە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پاداشتی ئەو خەڵکەی کەرکوکە کە لەسەنگەری پێشەوە بۆ بەدەستهێنانی کورسییەکانی ئەوان شەڕیان کرد.

لە ئەنجامی ئەم دژایەتییەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە ژێر دەسەلاَتی یەکێتی دژ بە خەڵکی کەرکوك خەڵکی کەرکوك مافی خۆیانە پەشیمان بن لەو شۆڕشەی بەقورسا بیەکی گەورەوە تیا بەشدار بوون و پەشیمانن لەوەی کە سەروماڵ وهەمووشتیان لە پێناوی ئەو شۆڕشەدا دانا،کە ئیستاش داوای قوربانی تریان لێدەکات و بێ ئەوەی خۆیان بوێرن تەنها بۆ یەك شەویش لە کەرکوکدا ڕۆژ بکەنەوە کەچی بە هەزار و یەك جۆر زەخت دێنن و ناحەقی بە خەڵکی کەرکوك دەکەن تا ناچار بە گەڕانەوەیان بکەن. دەمی هەر کامیان دەکەیتەوە باسی ئەوە دەکەن کە وایە بۆ ئەوەی کەرکوك ببێتە هی کورد دەبێت کورد بچێتەوە ناوی،کەچی کاتێك لەو کاکەی کوردە دەپرسیت ئەی تۆی کورد بۆ ناچیت هیچی قسە نییە ئەوە نەبێت کە ئەو لەشاری خۆی کاری باشە و دەیەوێت ئاسوودە بژی. وەك ئەوەی کەرکوکیەکان بۆیان نووسرابێت نەگبەت بن.

لە کۆتاییدا پێم خۆشە ئەو ڕاستییە سەرەتاییە جەخت لێبکەمەوە کە تەرحیل کردن هەر تەرحیل کردنە هەرکێ بیکات و بە هەر بیانوویەکەوە بێت. پێویستە دەسەلاَتبەدەستانی کوردستان کۆتایی بە دژایەتی خەڵکی کەرکوك بهێنن. خەڵکی کەرکوك مافی خۆیانە ئازاد و سەربەست بن ئارەزویان لە کوێ بێت لەوێ بژین بەبێ دژایەتی. ئەوان مافی خۆیانە نەیانەوێت چیتر ببنە سوتەمەنی شەڕ.